عێراق و مەغریب یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لە بواری دادوەری واژە دەکەن

ئەنجومەنی باڵای دادوەری، ئەمە پێنجشەممە، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری لە شانشینی مەغریب واژە کرد، ئامانج لێی ئاوگەڵی ئەزموونە لە بوارەکانی گرنگی هاوبەشدا.

ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: "فایەق زەدان، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، لەگەڵ محەمەد عەبدولنەباوی، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری لە شانشینی مەغریب، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژە کرد، ڕەوەسمی واژەکردنەکەش بە ئامادەبوونی جێگرانی سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی: دادوەر زەیدوون سەعدوون، دادوەر نەجم ئەحمەد، دادوەر کازم عەباس، و دادوەر حەسەن فوئاد، جگە لە نەجم عەبدوڵا، سەرۆکی داواکاری گشتی، و دادوەر لەیس جەبر، سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری، بەڕێوەچوو."

پێشتر، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لەگەڵ سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری لە شانشینی مەغریب، ڕێگاکانی بەهێزکردنی هاریکاری دادوەری و یاسایی لە نێوان هەردوو وڵات تاوتوێ کردبوو.